

# سەرماوەز

**پیتەر بیکسێل**
**لە فەڕەنسییەوە: سەلاحەددین بایەزیدی**
**(سویسرا)**

پیاوەکە ترسابوو و کاتێک بە کەسێکی دەگوت: "ساردتر بووە"، چاوەڕێ بوو دڵی بدەنەوە.
ئەوی تر دەیگوت: "بەڵێ، سەرماوەزە."
ئەو دەیگوت: "زۆری نەماوە بۆ نۆئێل."
گازۆیلی کڕیبوو، چاکەتێکیشی هەبوو، خۆی بۆ وەرزی زستان داپۆشیبوو، بەلام دەترسا، لە وەرزی زستاندا دەدۆڕێی! لە زستاندا بۆی هەیە هەموو جۆرە ڕووداوێکی سامناک بقەومێ، بۆ نموونە جەنگ، لە زستاندا بۆی هەیە لەسەر کار دەربکرێی، زستانان سەرمات دەبێ، مرۆڤ دەتوانێ خۆی لە سەرما بپارێزێ، بە ملپێچ، یەخەی چاکەت و دەستەوانە، بەلام بۆی هەیە لەوە ساردتر بێ.
حاڵی حازر، هیچ سوودێکی نییە بلێی بەهار.
جامخانەکان ڕووناکن، وەهمی گەرما بە مرۆڤ دەبەخشن، بەلام زەنگی کلێسەکان هەڵدەلەرزن، نێو بارەکان گەرمن، لە ماڵەوە، منداڵەکان پەنجەرەکان دەکەنەوە و دەرگەی ئاپارتمانەکە دەخەنە سەر گازەرەی پشت، لە دوکان کلاوەکەت لە بیر دەچێ.
مرۆڤ هەست پێ ناکا درەختەکان چۆن دەڕووتێنەوە، کتوپڕ گەلایان پێوە نامێنێ. مانگی نیسان گەلای نوێ دەردەکەن، تەنانەت ڕەنگە لە مانگی ئادار. دەیانبینی گەلایان لێ دەڕوێ.
پیاوەکە بەر لەوەی لە ماڵێ بچێتە دەر، پارەکەی دەژمێرێ.
ئیتر بەفر نابارێ، ئیتر بەفرێک لە گۆڕێ نییە.
ژنە سەرمابردووەکان جوانن، ژنەکان جوانن.
دەیگوت: "دەبێ بە سەرما ڕابێی، دەبێ قووڵتر هەناسە بدەیت و خێراتر بە ڕێدا بڕۆی" لە خۆی دەپرسی: "بۆ جەژنی

نۆئێل چی بۆ منداڵەکان بکڕم؟"
به یەکێکی دەگوت: "مرۆڤ به سەرمایه ڕادێ."
ئەوی تر دەیگوت: "بەڵێ، ساردتر بووه، نۆڤەمبەره."

## ڕۆمان

پیاوێک ئاشقی کچێکی گەنج دەبێ. کچه گەنجەکه دەزانێ کـه پیـاوەکـه ئاشق بووه. پیـاوەکـه سـتـایشی ڕۆیشتنی و قاچەکانی دەکا، هەوڵ دەدا ناوەکەی فێر بێ.

به ژنەکـەی دەڵێ: "کـچـێکی شـۆخـه." ژنەکـەشی قسـەکەی پشـتڕاست دەکاتەوه. "کچێکی لەبەر دڵانه"، پیاوەکه وا دەڵێ.

کاتێک ژنەکەی پێدەکەنێ، ڕیزێک ددانی سپی له نێو لێوەکانیدا بەدەر دەکەون، پاشان پێکەنینەکه دەڕەوێتەوه و ڕیزەکه دەمێنێتەوه.

کچه گەنجەکه پێناکەنێ.

پیاوەکه له ئاوێنەدا له خۆی دەڕوانێ.

له شـاری لۆکـارنۆ هەفـتـەیەک زیاتر بەرگـه ناگـرێ، له دەرمانخانه فرۆشیارێک هەیه شێوەی له کچه گەنجەکه دەچێ بلووزێکی سپی لەبەره، هەفـتـەیەکی تر و پیاوەکه دەگـەڕێتـەوه، هەڵبـەت نەک به بێ دەسـتـپـێکردنی گفتوگۆیەک لەگەڵ دراوسێکەی له نێو شەمەندەفەردا.

لەم نێوانەدا، کچه گەنجەکه به مەبەستی سەرقاڵبوون به کارێکەوه ڕۆیشتووەته لەندەن. پیاوەکه پێ دەزانێ.

بڕیار دەدا پاییز بگەڕێتەوه بۆ لۆکارنۆ، ژنەکەی لەمێژه بۆ کـڕینی تەلەڤـزیۆنێک پێـداگـری دەکـا، به ئانتـێن و دامـەزراندنی تەلەڤـزیۆنەوه، خـەرجـیـیـەکی چەند هەزار فـڕانکی و هەندێک زیاتر دەگـیـردرێتـه بەرچاو، پاییـزێ دەچێتە لۆکارنۆ، بەئەنقەست هۆتێلێکی دیکه لەوسەری تری شار هەڵدەبژێرێ، له دەرمانخانەکه، کچێکی گەنجی تر هەیه. بلووزێکی سپی لەبەره.

ژنەکەی تووشی نەخۆشییەکی قورس دەبێ، ناچار دەبن پشووەکەیان نیوەچڵ بهێڵنەوه.

ئێستا تەلەڤزیۆنیان هەیه.

له لەندەن، کچه گەنجەکه قژی ڕەنگ دەکا.

پیـاوەکـه، پاش چەندان سـاڵ، جـارێکی تر نامـه بۆ براکەی له ئەمریکا دەنووسێ، چەندان هەفـتـه چاوەڕوانی وەڵام دەمێنێتەوه.

لەم ماوەیەدا، حزبێکی تر بووەته براوەی مەیدانەکه.

لەم ماوەیەدا، بەهار هاتووه.

کچه گەنجەکه که خۆی به زمانه بیانییەکانەوه سەرقاڵ کردووه، ئێستا دەیەوێ فێری ئیسپانی بێ.

لەم سێ هەفتەیەی دواییدا، پیاوەکه دوو جار کچەکەی بینی.

ڕەنگه نوێیەکەی قژی، هیوابڕاوی کرد!

ئێستا کچەکه لەسەر ڕێی بەرسەلۆنایه.

پیـــاوەکـــه گـــرتنەوەی ژوورێـک له هـۆتـێـل هەڵدەوەشێنێـتـەوه، ئیـتـر کـاروبارەکـان به یەکـجـاری سەرقاڵیان کردووه، پێشنیاری پێ دەکەن زستانێک لەم زستانانه بچێته داڤۆس، دڵنیای دەکەنەوه که داڤۆس، گـەلێک دڵڕفـێنی و جـوانیی تەنانەت پێـشکەشی ئەو کەسانەش دەکا که وەرزشی زستانه ناکەن.

ژنەکەی لەگەڵی دەچێته داڤۆس.

له سندووقی نامـەکـاندا کـارت پۆسـتـاڵێکی ئەمـریکا هەیه، براکەی هەڵەی ئیملایی زۆرن.

شان به شـانی ژنەکـەی پیـاسەی یەکشەممانه دەست پێ دەکاتەوه، دەرفـەتێکه بۆ وی تاوەکو لقێک له درەختێک لێ بکاتەوه.

کـوڕەکـەی ڕادەگـەیەنێ کـه ئەمـسـاڵ مـانگی جـۆزەردان ئیزن وەردەگرێ، لەگەڵ یەکێک له هاوکارەکـانی به سەفەر دەچێته ئیسپانیا.

ژنەکەی هەر له ئێسـتـاوه به دوای زانیاری گەشـتیـاریی لەسـەر داڤۆس چووەته نووسینگەی گەشـتوگـوزار، "بەڵام هەمـوویان تایبـەتن به وەرزی زسـتـان"، ژنه کـرێکـارەکـه بەدەم لێبوردنەوه وا دەڵێ.

کـوڕەکـه تاوەسـووت بووه و به بوتڵـێک "شـارتۆز"ی به قاچاغ هێنراو، له ئیسپانیا دەگەڕێتەوه.

## شیکردنەوه

بەیانی بەفر هەبوو.

دەتتوانی دڵخۆش بی، دەتتـوانی کەوێڵی بەفرین، یان چەند بووکـەبەفـرینەیەک دروست بکەی، دەتتـوانی وەک پاسەوان لەبەر دەرکی ماڵێ بیانچەقێنی.

بەفـر سـوکنایـیـدەره، بەفـر هەر ئەمـەیه و هیـچی تر، هەروەها دەڵێن ئەگـەر لەنێـویدا چاڵ بکرێی، گـەرمت ڕادەگرێ.

بەڵام بەفر دەکەوێته نێو پێڵاوەکانەوه، ئۆتۆمـبێلەکان ئاسـتـەنگ دەکـا، شـەمـەندەفـەرەکـان له ڕێ دەردەخـا و کوێرەدێیەکان گۆشەگیر دەکا.

**سەرچاوه:**
**Bichsel, Peter, Le Laitier, Paris, Gallimard, 1992.**